## ئاشنا رەئوف:

# ئەگەر ئیمکانیات هەبێت کاری هاوشێوەی حەفتا و هەشتاکان بەرهەم دەهێندرێت

**هونەرمەند ئاشنا رەئوف ئەکتەرێکی دیار و بەرچاوی شاری سلێمانی-یە و بەشداری چەندین شانۆگەری و فیلم و زنجیرە درامای تیڤی کردووە و رۆڵی بەرچاو و کارای بینیوە و وەك ئافرەتێکی بە توانای بواری نواندن بوونی خۆی سەلماندووە. لە دەرفەتێکدا دیمانەیەکمان لەگەڵ ئاشنا رەئوف ساز کرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

*** زۆر لە دەرهێنەرە کوردییەکان (سینەماییەکان) پشت بە هونەرمەندانی غەیرە کورد دەبەستن، چی دەڵێی بۆ ئەمانە؟**

- ئەوە لای من لە ئێستادا خراپ نییە، چونکە زۆر جار کار و تەکنیکی نوێی ئەزموون و شارەزایی باشی دەوێت. بەداخەوە هەل بۆ ئەوانەی کار دەکەن کەمتر گونجاوە بۆ ئەو مەبەستە بەدەر لە لایەنی خزمەتکردن بە کارەکە. ئەوە لای من وەك ئەزموونێك وایە بۆ ئەو ستافانەی لە بەرهەمدا کار دەکەن، ئەگەر بیانەوێت سوودوەربگرن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بڵێین ئەوانەی خۆمان ناتوانن، چونکە بە بەڵگەوە دەتوانم بڵێم کاری زۆر باش کراوە کە سەرجەم ستافەکانی هونەرمەندانی خۆمانن بوون و لە زۆرینەی فیستیڤاڵەکانی دەرەوە بەشدارییان کردوە و ئەنجامی باشیشان بەدەست هێناوە

*** ئێستا هونەرمەندانی کورد دەتوانن کارێکی هاوشێوەی ئەو کارانەی لە ساڵانی حەفتا هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەرهەم بهێنن؟**

- بۆ نا، کاری باشتریش دەکرێت و لە تواناداا هەیە ئەگەر زەمینەی لەبار و بودجەی باش هەبێت، من دەتوانم بڵێم بە تەئکید دەتوانرێت.

*** نهێنی سەرکەوتنی کارە هونەرییەکانی ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو بۆچی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر باسی لایەنە هونەرییەکان بکەین؟**

-بە ڕای من لەو کاتەدا ژیان و هونەر سادەتر بوون و وەك ئێستا بەشێوەیەکی راستەوخۆ پێشکەوتنی هونەری جیهانمان پێنەدەگەشت، بۆیە ئەو هەستەمان هەیە، ئەگینا بە بەراورد بە ئێستا پێموا نییە زۆرینەمان لێی رازی بین بۆ ئێستامان، چونکە بە تەکنیکێکی زۆر سادە بەرهەم هاتووە.

*** کاری زۆر دەکرێ لەو بارودۆخە سەختەدا ئەمە نیشانەی چییە؟**

-ببوورە من کاری زۆر نابینم، ئەوەشی کە دەکرێت بەداخەوە جۆرێك لە پەلەکردن و هەڵپڕووزاندنی پێوە دیارە، چونکە لەم بارودۆخە سەختەدا وەك خۆت باسی دەکەیت، زەمینەیەکی باش و گونجاو و لەبار نەڕەخساوە بۆ هونەر تا کاری باش بکرێت.

*** تا چەند لە بارودۆخی سەختی ئابووری و شەڕی تیرۆر هونەرمەندان بە ئەرکی خۆیان هەستاون؟**

-دەتوانم بڵێم تا رادەیەك، چونکە لەگەڵ بارودۆخە سەخت و قورسەکە قەیرانی داراییشمان هەیە، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر هونەر بۆیە بە رای من هونەرمەندان نەیانتوانیوە بە ئەرکێکی گەورەو زۆر کاریگەر هەستن و بەشداری ئەم بارودۆخە قورسە ببن.

*** بینەری کورد زیاتر پێویستی بە چ بەرهەمێکی هونەری هەیە؟**

- بە رای من پێویستە گرنگی بە بابەتە کۆمەڵایەتییە



باوەکان بدرێت، چونکە سەرجەم چین و توێژەکان سەیری زنجیرە دراماکان دەکەن، بۆیە دەبێ بابەتێك بێت کە هەموو کەسێك بتوانێت لێی تێبگات و چێژی لێ وەربگرین.

*** بە حوکمی شارەزاییت لە بواری هونەری نواندن بە گشتی لە کۆمیدیای کوردی چۆن دەبینی و لە چ ئاستێکدایە؟**

-بەپێی روانینی من کۆمیدیایەکی جاد و ئەکادیمی نابینم، بەداخەوە ئەوی دەیبینم و باس دەکرێت، تەنیا هەندێ نوکتە و قسەی خۆش و خەڵك خستنە پێکەنینە، بەبێ هەستکردن بە جۆر و کاتی بەرنامەکە و ئەو کەسانەی سەیری بەرنامەکە دەکەن. چونکە ئەوەی من تێبینیم کردووە زۆرێك لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ سەیری دەکەن، یان ئامادەیی راستەوخۆیان هەیە لەوێدا و پێدەکەنن، من خەم دەخۆم، چونکە هیچ گونجاو نییە، بەڵام نازانم بۆ ئاوا کاری تی ڤی و کارە هونەرییەکانی دەرەوە بەو شێوەیە و بە بێ چاودێری دەکرێت، پێویستە وەزارەتی رۆشنبیری و پەروەردە بەرپرسیارێتی ئەم دیاردەیە وەربگرن، چونکە کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەیە بۆ خێزان و پەروەردەی نەوەکانمان.

*** وەك هونەرمەندێك پێتوایە کەموکورییەکانی ئەو کارە هونەرییانە و ئەو بەرنامانە چین و چۆن بکرێ باشتر دەبێت؟**

- من پێموایە بەرنامەکان کەم تا زۆر ئاساییین، چونکە رەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئەو کەسانەیە کە وەك شارەزا لە کەناڵەکاندا هەن کە پێویستە هەبن و وەك راوێژکارێك پلان بۆ بەرنامەکان دابنن، بە گشتی بەرنامەکان خەڵك لێیانەوە نزیکە، ئەگەرچی خۆیان لە چەند شتێکی نەگۆڕدا دەبیننەوە، وەك پرسیار و وەڵام، بەڵام بە گشتی مەرج نییە ئەو بەرنامانە هەمیشە خەڵك بێنێتە پێکەنین، دەکرێ بەرنامەی زانیاری بێت، واتە وەك زنجیرە دراماکان مەبەستیان تەنیا پێکەنین و لایەنێکی کۆمیدی بێت.

*** وڵاتانی عەرەبی یەك ساڵ خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی کارێکی گونجاو و بەهێز پێشکەش بکەن، بۆچی لە نێو کورددا ئەمە بەدی ناکرێت؟**

-من دەتوانم بڵێم لە ساڵ زیاتریش ئامادە کاری بۆ دەکرێت، بەڵام لێرە هەندی کات کە ئەڵقەکانی سەرەتا نمایش دەکرێت زۆر جار ستافی کار و وێنە گرتن و مۆنتاژ و کاری تریان ماوە تەواوی بکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانی باش و نەبوونی چاودێریکردن و رێگەگرتن لە کارە خراپەکان بۆ نمایش نەکردن و لەسەرووی هەموویەوە نەبوونی ئەزموونی باشە لە ستافی کار و بەرهەمهێن و لە ستافی لایەنی نمایشکار، واتە کەناڵی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە. بەداخەوە هەندێ جار بەرهەمەکە لە دوای پێشکەشکردنی چەند ئەڵقەیەکی، یان لە نیوەدا رادەگیرێت، کە بە رای من لەم کاتەدا لایەنی پەخش بە قەدەر لایەنی بەرهەمهێن و ستافی کار بەرپرسن و بگرە زیاتریش.

**من کاری زۆر نابینم، ئەوەشی کە دەکرێت بەداخەوە جۆرێك لە پەلەکردن و هەڵپرووزاندنی پێوە دیارە**



# ئەدیل لە ترسی مردن واز لە جگەرە دەهێنێت

خانمە ئەستێرەی جیهانی ئەدیل رایگەیاند کە بڕیاریداوە بە یەکجاری واز لە جگەرە کێشان بهێنێت، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە نوێیە تەندروستی و خۆراکییەی کە بۆ خۆی تەرخانی کردووە و لە ترسی ئەوەی جگەرەکێشان نەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی.

لەم بارەیەوە رۆژنامەی (زە میرۆر)ی بەریتانی رایگەیاند کە بیرۆکەی مردن بە هۆی جگەرە کێشانەوە لەوەوە بۆ ئەدیل درووستبوو کاتێك رۆژانە ٢٥ جگەرەی دەکێشان و هەر ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی وازی لێ بهێنێت، هەروەها ئەدیل سەبارەت بەم بڕیارەی بە رۆژنامەی ناوبراوی راگەیاند: بێگومان ئەگەر بەردەوام بومایە لە کێشانی جگەرە ئەوا بەهۆی یەکێك لەو نەخۆشیانەی پێوەندییان بە جگەرەکێشانەوە گیانم لە دەست دەدا وەك شێرپەنجەی سییەکان، بە دڵنیاییەوە ئەمەش کارێکی خراپ دەبوو، هەر خۆم دەبووم بە هۆکار گیان لە دەستدانم، ئەمەش کارێك دەبوو کە بە هیچ شێوەیەك مایەی ئەوە نییە کە مرۆڤ شانازیی پێوە بکات.

لەلایەکی دیکەوە ئەدیل خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەو ژمارە پێوانەییەی کە دوایین ئەلبوومی لە جیهان بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بەدەستی هێناوە وەك پڕ فرۆشترین بەرهەمی ساڵ. شایەنی باسە دوایین ئەلبوومی ئەدیل کە بە ناوی (٢٥)ـە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد و بەپێی گۆڤاری (نیلسۆن)ی ئەمریکی تەنیا لە هەفتەی یەکەمیدا زیاتر لە ٣،٣ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە، ئەمەش یەکەم جارە لە ساڵی ١٩٩١ـەوە کە ئەلبوومێك لەو ماوە کورتەیدا ئەو ژمارەیە تۆمار بکات، هەروەها لە بەریتانیاش کە وڵاتی ئەدیلە لە یەکەم هەفتەدا زیاتر لە ٨٠٠ هەزار دانەی فرۆشرا.



# لەمیس دەبێتە باڵیۆزی ئاشتی

زۆر جار رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، یان کۆمپانیا گەورەکان بۆ ئەوەی کاڵا و بەرهەمەکانیان زیاتر بفرۆشرێت، کەسایەتییەکی هونەری دیاریکراو کە خاوەن جەماوەر بێت لەسەر ئاستی جیهان بە باڵیۆز، یان نوێنەری خۆیان دەستنیشانی دەکەن، بەڵام قوتابیانی زانکۆی (سلێمان شاە) لە تورکیا خانمە ئەکتەری ناسراوی تورك تۆبا بۆیکسۆن-یان وەك باڵیۆزی ئاشتی بۆ ساڵی ٢٠١٥ دەستنیشان کرد.

لە ئاهەنگێکی تایبەت کە بە بۆنەی کۆتایی هاتنی بەرنامەی (خولْقاندنی جیهانێکی باشتر) ساز کرا بوو خەڵاتەکە پێشکەش بە تۆبا کرا کە هاوشێوەی خەڵاتی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو و بەرنامەکەش بۆ دوو رۆژ بەردەوام بوو، تۆبا کە بە جلوبەرگێکی رەشەوە ئامادەی ئاهەنگەکە بوو لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و بەم بۆنەیەوە رووی لە قوتابییەکان کرد و وتی: هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم سەربەرزم و شانازی بەو خەڵاتەوە دەکەم هیوادارم جێگای متمانەی ئێوە و جەماوەری خۆم بم، چونکە هەر دەستکەوت و خەڵاتێك ئەرکی هونەرمەند قورستر دەکات بەوە کە دەبێت لە ئاست گەورەیی ئەو خەڵاتە بێت.

لەلایەکی دیکەوە ئێستا لە سینەماکانی تورکیا نوێترین فیلمی تۆبا نمایش دەکرێت بە ناوی (یادەوەرییەکانی با) کە لەگەڵ هاوسەرەکەی بەشداری دەکات و تێیدا رۆڵی دایکی ئەنوەر سایلاکی هاوسەری دەبینێت.



# ڕێگا بە نمایشکردنی فیلمی دیبیما نەدرا

ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکانی نێوان هیند و پاکستان تەنیا لە بواری سەربازییەوە نییە، بەڵکو گشت جومگەکانی ژیانی لەو دوو وڵاتە گرتۆتەوە، تەنانەت بواری سینەماش، ئەوەتا دەزگا ئەمنیەکانی پاکستان ڕێگایان نەدا کە فیلمی (Bajirao Mastani) لەو وڵاتە نمایش بکرێت کە لە پاڵەوانیەتی هەر یەك لە دیبیما بادۆکۆن و رانفیڕ سینگ و بریانکا شوپرایە.

ئەم فیلمە باس لە ژیانی یەکێك لە پادشا جەنگاوەرەکان دەکات لە ڕێگای گێڕانەوەی ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو، بەڵام دەزگای چاودێری هونەری لە پاکستان (CBFC) ڕەزامەندی نیشان نەدا بۆ نمایشکردنی.

لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی (Express Tribune) لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە موبەشەر حەسەن سەرۆکی دەزگای CBFC ڕایگەیاندووە بڕیار بوو ئەم فیلمە بە زمانی هیندی نمایش بکرێت، بەڵام بەپێی یاسای پاکستان نابێ هیچ فیلمێك بە زمانی هیندی لەو وڵاتە نمایش بکرێت، بۆیە ڕێگا بە نمایشکردنی نادرێت. بەڵام چەند سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە هۆکاری ڕێگا پێ نەدانی تەنیا زمانی هیندی نەبووە، بەڵکو فیلمەکە چەند گفتوگۆ و گرتەیەکی وروژێنەر لە خۆ دەگرێت، بەڵام ڕانەگەیەندراوە.

# حاجی مەکی لە دیدی هونەرمەندانەوە



**هونەرمەندی ناسراوی کوردستان (محەمەد مەکی عەبدوڵڵا مەعروف) کە بە (حاجی مەکی) ناسراوە ساڵی ١٩٣٩ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٥٨ گرووپی هونەری خەباتی دامەزراندووە و لە شاری سلێمانیش هەمان گرووپی دامەزراندووە، تائێستا زیاتر لە ١٢٠ بەرهەمی هونەریدا بەشداری کردووە. یەکەم فیلمی سینەمایی کوردی بەرهەمهێناوە بە ناوی (نێرگز بووکی کوردستان)ـە لەسەر ئەرکی خۆی ئەوەش لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو. بەداخەوە شەوی ١٨لەسەر ٢٠١٥/١٢/١٩ بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد. چەند هونەرمەندێکی ناسراو لە زاری خۆیانەوە باسی ئەم هونەرمەندە گەورەیەی بواری شانۆ و سینەمای کوردی دەکەن.**

■

**ئەحمەد سالار: کاتێک باسی فیلمی کوردی و تیپ دەکەن وەکو شانۆ، دەبێ باسی حاجی مەکی بکەن**

حاجی مەکی بە هاوبەشی لەگەڵ چەند کەسێك کە هەندێکیان کرێکار و پیشەمەند بوون، تیپی سەندیکای کرێکارانی هەبووە، ئەمەش لە کارگەی جگەرەی سلێمانییەوە دەستی پێکرد و سەرەتایەك بوو، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییەك بوو لە مێژووی شانۆی کوردیدا، لەوەتەی من بیناسم لە پەنجاکانەوە بە خەونی فیلمی کوردییەوە دەژیا، لە ساڵی ١٩٦٣ کەوتە خولیای فیلمێك کە چیرۆکی کامەران موکری بوو، هەوڵی دەدا ئەم فیلمە بەرهەم بهێنێت، لەبەر ئاڵۆزی بارودۆخی کوردستان لەم هەوڵەیدا سەرنەکەوت، بەڵام ئەم خەونەی هەر بەردەوام بوو تا (نێرگز بووکی کوردستان)، لە کاتی وێنەگرتنی (نێرگز بووکی کوردستان) لەگەل یەکەم ئەکشنی دەرهێنەر سەیرم کرد ئەم پیاوە کوڵ کوڵ دەگریا و هەنسکاوە وەك منداڵ کرۆژ دەکا، چونکە هەموو ئاواتی فیلم بوو و وابزانم لە دنیای هونەردا کەس ئەم شتەی نەبینیوە، من تەنیا ئەوەم لە حاجی مەکی بینیوە، بۆیە کاتێك باسی فیلمی کوردی بکەن، دەبێ باسی بکەن، کاتێك باسی تیپ دەکەن وەکو شانۆ دەبێ باسی حاجی مەکی بکەن.

**سعدون یونس: زۆر راستگۆ بوو لە دەربڕینی هەستەکانی خۆی**

حاجی مەکی مرۆڤ و هونەرمەندێکی زۆر دڵساف و سادە و خۆشەویست بوو، کاتی خۆی زۆر، کاتی خۆی زۆر حەزی دەکرد بەرهەمێکی بۆ بکەم، ئەوە بوو ڕێککەوتین لەگەڵ حەمە عەلی خان چیرۆکەکەی نووسی بە ناوی (کۆلارە) کە لە سێ بەش پێکهاتبوو، پاشان، خۆی زۆر رای لە چیرۆکەکە بوو و زۆریش دەستکاری دەکرد، ناچار بووین ستافێکی گەورە و جوان بۆ کارەکە ئامادە بکەین لەوانە مامۆستا فەیسەڵ محەمەد ساڵح، خوالێخۆشبوو نەوزاد رەمەزان وزاهیر عەبدوڵلا و سەمیرە خان، هەروەها وێنەگر جەبار غەریبم لە بەغدا هێنا، منیش وەکو دەرهێنەر بەشدار بووم، ئەو کات بیرم لەوە دەکردەوە، من هەمیشە حەزم لە کاری جوان و تایتڵە بۆیە بۆ مۆسیقاکەی داوام لە مامۆستا وریا ئەحمەد کرد کە مۆسیقایە و یەکەم جار بوو لە درامای کوردیدا گۆرانی لە تایتڵ هەبێت گۆرانییەکەش بە دەنگی هونەرمەندی ناسراو زیاد ئەسعەد، بە ڕای زۆر لە هونەرمەندان تا ئێستا یەکێکە لە باشترین کارە هونەرییەکان و وەك دەرهێنەر هەمیشە شانازیی پێوە دەکەم، کە کارەکە تەواو بوو یەکەم جار لە بەرنامەی (عدسە الفن) کە یەکێك بوو لە بەرنامە هونەرییە بەناوبانگەکانی تەلەفزیۆنی بەغدا، لەوێ هەندەك باسی کارەکەی کرد و چەند دیمەنێکی نمایش کرد، هەر سەبارەت بە کارەکە لە دیمانەیەکی لەگەڵ تەلەفزیۆنی کەرکوك وتی: سەرەڕای ئەو هەموو کارە زۆرانەی بەشداریم تێدا کردووە، لە سەعدون یونس و ئەو برادەرانە فێر بووم کە ئەکتەر چۆن لە پێش کامێرا دەوەستێت، پێم وت: ئەم قسەیە زۆر گران لەسەرت دەوەستێت، بەڵام زۆر راستگۆ بوو لەوەی هەستەکانی خۆی دەربڕێت، پاشانیش پێوەندیمان بەردەوام بوو، بەداخەوە وەك دەیان هونەرمەندی وڵاتی من دەڕۆن و کەس ئاگای لێیان نییە، خۆزگە دەخوازم رۆژێك لە رۆژان هونەرمەندان خاوەن دەزگای تایبەتی خۆیان بن و میللەتیشمان کەلتوور پەرست بێت، هەزاران سڵاو لە گۆڕت ئەو کەسەی لە بیری ناکەم.

**یاسین بەرزنجی: بە هەڵکەوتەی جەستەو دەنگی جۆرە جودایی و تایبەتمەنیی خۆی هەبوو**

خوالێخۆشبوو حاجی مەکی، وەك زۆر هونەرمەندی تر، ئەکتەرێکی خۆڕسك بوو، واتە بە بێ خوێندنی هونەر، بەهرە و ئارەزووەکانی پەلکێشیان کردبوو بۆ سەر تەختەی شانۆ و بۆ بەر چاوی کامێرا، لەو پێناوەشدا ماندوویێتی زۆری چەشتووە و تەمەنێکی درێژی بەخشیوەتە هونەرەکەی و خۆشەویستیی جەماوەر. رەحمەتی یەك لە ئەکتەرە هەرە دیارەکانی سەرەتای حەفتایەکانی سەدەی رابردوو بوو، واتە ئەو سەردەمەی تەلەفزیۆنی رەش و سپی میوانی ساتەکانی شەوگارمان بوو، لەو دەمەوە حاجی میوانی هەمیشەیمان بوو، بێ ماندوو بوون هەر دەینووسی و گروپی ڕێکدەخست و بەرهەمی دەکردە دیاریی ئەو خەڵکە زۆرەی چێژیان لەو کارە میللییانە دەبرد. کاروانەکەی حاجی روو لە دوور بوو، هەندێ لە هاوکارانی لە کاروانەدا مانەوە و هەندێکی دیکەش لێگەڕان، بەڵام ئەو هونەرمەندە چونکە دەیزانی کارەکانی لە کوردستانی گەورەدا سەدان ئاشنا و رۆشنای بۆ درووست بووە، هەر بەردەوام بوو. وەك ئەکتەر بە هەڵکەوتەی جەستەو دەنگی جۆرە جودایی و تایبەتمەنیی خۆی هەبوو، زیاتریش لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کارەکتەری کۆمیدی بۆ خۆی هەڵدەبژارد. خوالێخۆشبوو کاری زۆری کرد و بەری رەنجەکەشی ئەو خۆشەویستییە گەورەیەیە کە گەلەکەی پێی بەخشی. خۆزیا هونەر نانی هونەرمەندانی ئێمەی دابین بکردایە، ئەوسا دەبینرا چۆن کەسانی سەرگەرمی وەك حاجی و سەدانی دیکە چەند ناوازەتر بەرهەمی خۆیان دەنەخشان. سڵاو بۆ گیانی و یادەوەرییەکانی حاجی گیان لای من هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە.

**زاهیر عەبدوڵلا: کۆڵەگەیەکی پتەوی کۆمیدیای کورد هەرەسی هێنا**

حاجی مەکی هونەرمەندێکی کۆمیدی خۆڕسك بوو کە هەر لە سەرەتای دەستکردنی بە کاری هونەری هەوڵی داوە کێشە وگیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەی تەنز و کۆمیدیا بگەیەنێت. پێموایە لەم بوارەشدا تا ئاستێکی باش سەرکەوتوو بووە و خۆشەویستی و ڕێزێکی بێ پایانی لەناو جەماوەر و خەڵکی هونەردۆستی کوردستان بەدەستهێناوە . بۆ من جێگای شانازییە کە لەیەك دوو بەرهەمی شانۆیی و درامای تەلەفزیۆنی لەگەڵ حاجی مەکی بەشداریم کردووە، هەروەها چەند جارێکیش هاوسەفەری بووم و جێگای دڵخۆشیم بووە. بەداخەوە بە ماڵئاوایی ئەم هونەرمەندە گەورەیە کۆڵەگەیەکی پتەوی کۆمیدیای کورد هەرەسی هێنا. سڵاو لە رۆحی پاکی و رۆحی شاد و هەمیشە یادی بەخێر.

**هیوا سوعاد: هەمیشە پێوەندی لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستان پتەو بوو**

من لە ساڵی ١٩٨٧ەوە حاجی مەکی دەناسم، پیاوێکی رووخۆش و خۆش فکر بوو. لە بواری هونەردا زۆر کارا بوو، پیاوێك بوو سەردەمانێك بە هۆی زنجیرە دراماکانی زۆر لە نزیکەوە گوزارشتی لە کێشە و نەهامەتییەکانی گەلەکەی کرد. کەسێك بوو بوێرانە کاری بەرهەمهێنانی دەگرتە ئەستۆ، عەلیە فەندی دیاردەیەکی جوان بوو، زۆربەی هاووڵاتیان لاسایی کەسایەتی ودیالۆگەکانیان دەکردەوە، کەسایەتییەکی رۆح سووك و خۆشەویست بوو، هەمیشە پێوەندی بە هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی کوردستانەوە پتەو بوو، حەزی بە کاری هاوبەش دەکرد، هەولێریشی زۆر خۆشدەویست و ماوەیەکی زۆریش ماڵی لە هەولێر بووە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی، سەبووریش بۆ هونەرمەندان بە گشتی و خانەوادەکەی بەتایبەتی.